# زیانەکانی لـ

ئا: ناسك سەعید



بۆ باسکردنی ئەم تەوەرە و دەرخستنی دەرەنجامە خراپەکانی لەسەرەتای تەوەرەکەماندا خاتوو (شلێر کەریم) مامۆستای باخچەی ساوایان دەڵێت: پێدەچێت تەنها مامۆستایانی باخچەی ساوایان هەست بەوە بکەن و جیاوازی بکەن لەنێوان ئەو منداڵانەی کەلەلایەن خێزانەکانیانەوە چۆن پەروەردە دەکرێن یاخود فەزای پەروەردە بوون و رێز و خۆشەویستی چۆنە لەخێزاکاندا، کەمتەرخەمیەك یان دەتوانین بڵێین نەزانینێك لەلایەن دایك و باوکەوە گەورەترین کاریگەری خراپ لەسەر دەروونی منداڵ بەجێدەهێڵێت، ئەم حاڵەتەش لە تەمەنی باخچەی ساوایاندا تێبینی دەکرێت، منداڵ کاتێك لە خێزاندا توندوتیژی لەبەرامبەردا کرا، لەکاتی تێکەڵبوونی بە منداڵی تر زیاتر هەست بەم حاڵەتە دەکات، لەبەرئەوەی منداڵ هەمیشە ئەو ترسەی لەدڵیدا دەمێنێت، جاری وا رێکەوتووە کەلەمنداڵەکەمان پرسیوە بۆچی بێتاقەتی و ناچیت یاری بکەیت لەوەڵامدا وتویەتی دایکم پێی وتوم نابێت جلەکانت پیس بکەیت منیش دەترسم برادەرەکانم جلەکانم پیس بکەن، بەڕاستی هەڵەیەکی گەورەیە کە دایکان بەبێ ئەوەی بزانن هەڵەیە پیادەی دەکەن لەسەر ئەم جۆرە رەفتارانە یان لەسەر جۆری خواردن یان لەسەر جلوبەرگ. کە هەموو ئەمانەش لەمافە سەرەتاییەکانی منداڵە بەڵام چونکە دایك و باوك هیچ شارەزاییەکیان لەو بارەوە نیە هەمیشە لەم رووەوە کێشە بۆ منداڵەکە دروست دەبێت.

(زانا ئیبراهیم) پسپۆریش لەبواری منداڵاندا، لەم رووەوە دەڵێت: پەروەردەکردنی منداڵ بەراستی کارێکی ئاسان نیە و پێویستی بە چاودێری و رێنماییەکی زۆر هەیە، ئەگەر قسە بەتایبەتی لەسەر کۆمەڵگەی خۆمان بکەین دەبینین پەروەردە لەهەموو رەهەندەکانەوە هەڵە بەرجەستە دەکرێت، لەخێزانی کوردیدا هەوڵ دەدەن لەتەمەنێکی زۆر ساواوە کۆمەڵێك زانیاری بە لێشاو فێری منداڵەکانیان بکەن و رۆژانەش پرسیاری لەسەر ئەو زانیاریانە لێدەکرێتەوە بۆئەوەی بیری نەچێتەوە، خێزانیش هەیە لەکاتی پرۆسەی خوێندندا تەواو منداڵەکەیان پشتگوێ دەخەن و گرنگی بە بەهرەی منداڵەکەیان نادەن، لەهەردوو حاڵەتەکەدا گەورەترین زیان بە تواناو و لێهاتووی منداڵ دەدرێت چونکە لەجۆری یەکەمدا هەموو پسپۆرانی بواری پەروەردەکردنی منداڵ ئەو جۆرە پەروەردەیە رەفز دەکەنەوە و بەسەرکەوتووی لەقەڵەم نادەن، پێیانوایە توانای فێربوونی منداڵ سنوردارە و لەخوار تەمەنی شەش ساڵییەوە نابێت ئەو قورساییە زۆرە لەسەر مێشکی منداڵ دروست بکرێت، لەجۆری دووەمیشدا زۆرجار بۆئەوەی منداڵەکە لەلایەن مامۆستاکانیەوە تووشی لێپرسینەوە نەبێت خۆیان هەڵدەستن بە جێبەجێکردنی ئەرکی قوتابخانەی منداڵەکانیان. بێگومان لەهەردوو جۆرەکە ئەگەر بەپێی خواست و ئارەزووی دایك و باوك نەبوو ئەو کات لەلایەن خێزانەیەکەوە توشی لێپرسینەوە و سزا دەبێتەوە، دەبینین کە دایك و باوك قورسترین شێوازی لێدانیان بەکارهێناوە بۆ ترساندنی منداڵەکانیان تا ئاواتەکانی دایك و باوکی بهێنێتەدی، ئەمانە هەمووی کاریگەری خراپ لەسەر پەروەردەکردن و دەروونی منداڵ دروست دەکات و دەبێت زیاتر بەوریاییەوە مامەڵە لەگەڵ منداڵدا بکرێت تا کەسێکی دروست بنیاد بنرێت.

خاتوو (لانە ئیسماعیل)ی فەرمانبەر کە تەمەنی ٣٤ ساڵە و خاوەنی (٤) منداڵە دەڵێت: من خۆم تا ئێستا باجی هەڵەیەکی خۆم دەدەمەوە کە لەمنداڵێکی خۆمدا لەسەرئەوەی رۆژێك لەوەرزی زستاندا سوراحیەك ئاوی رشت منیش بەدارێك لێمدا و دەستێکم شکاند، هەتا ئێستاش ئەو دەستەی نەهاتۆتەوە شوێنی خۆی و چەندین جار نەشتەرگەری بۆکراوە. بەگشتی لەخێزانەکاندا هۆشیاریەکی تەواو نیە لەسەر پەروەردەکردنی منداڵ، دەتوانین بڵێین تاکی کوردی کەسێکە هەمیشە توڕەیە و بەرگەی بچوکترین حاڵەتی چاوەڕواننەکراو ناگرێت، قورسی ژیان لەهەموو لایەکەوە ئەم کاریگەریە خراپەی دروست کردووە، نزمی ئاستی ئابووری سەرەکیترین هۆکارە بۆئەم حاڵەتە، لەکاتێکدا کە دەبینیت منداڵ بە ویستی دایك و باوك ناجوڵێتەوە یان کارێك دەکەن کە دوورە لە ویستەکانی دایك و باوك ئەمە وادەکات کە وەك سزایەك لێدان بەکاربهێنیت، بێگومان لەو کاتەشدا لەوپەڕی حاڵەتی توڕەبوون و هەڵچوندایت کۆنترۆڵی خۆت پێ ناکرێت دەرەنجامی ئەمەش کاریگەریە دەروونی و جەستەییەکە لەمنداڵەکە بەرجەستە دەبێت.

(خەندە مستەفا)ی مامۆستای دواناوەندیش دەڵێت: منداڵی کورد بەگشتی منداڵێکی ترسنۆکەو کەمتر دەتوانێت وەك پێویست پشت بەخۆی ببەستێت، لەهەموو کاتێکدا پەنا بۆ دایك و باوکی

✿ یەکێك لەبنەما سەرەکییەکانی خێزان بریتیە لە هەبوونی پەروەردەیەکی دروست کە هەموو رەهەندەکانی پەروەردە لەخۆی بگرێت و لەنێوەندەی خێزاندا پەیرەو بکرێت. لەزۆر کاتدا بە هەڵە سوود لە پەروەردە وەردەگیرێت وەك پرسێك بەو مانایەی لەخێزانەکاندا بنەمای پەروەردە بە بۆچونی خۆیان پتەو بێت و لەلایەن منداڵەکانیانەوە بەباشی وەربگیرێت منداڵەکە وەك گوێرایەڵێك پەیرەوی بکات هەندێ لە دایك و باوکان یان ئەندامانی تری خێزان منداڵ دەترسێنن و لێدان وەك سزایەك بەکاردەهێنن لەبەرامبەریاندا، بۆ ئەمە منداڵ خوێندنەوەیەکی تر بۆ دایك و باوکی دەکات بێ ئەوەی ئەو دایك و باوکە هیچ هەستێکی پێبکەن، تەنها ئەوەندە نەبێت کە ئەو منداڵە لەبەرامبەر هەڵەکانیدا دەزانێت کە لێدانێك چاوەڕێی دەکات. ✿

# ـێدانی منداڵ



دەبات، لەقۆناغی سەرەتاییەوە تا دەگاتە خوێندنی زانکۆ هەر دایك و باوکی بڕیاردەری ئەون، تەنانەت لە هەڵبژاردنی ئاییندەشدا هەر دەبێت دایك و باوکی خواستیان لەسەر بێت. ئەمە رەنگدانەوەی ئەو ترسەیە کە هەر لەمنداڵییەوە بەهەرشێوازێك بێت فێری منداڵەکە دەکرێت منداڵ زیاتر لە لێدانەوە ئەو ترسە کاریگەریە وەردەگرێت، زۆرجار کاریگەری ئەو لێدانە بەجەستەی منداڵەکەوە دیارە کە لەرووی دەروونیەوە شلەژان و ترسێکی بێ رادە دروست دەکات.

لێدان وا لەمنداڵ دەکات هەموو لایەنە باشەکانی تری پەروەردەی خێزان وەلا بنێت و سودیان لێوەرنەگرێت، زۆرجار دایك و باوك لێدانی منداڵیان کردۆتە سەرەکیترین بنەمای پەروەردەکردن لەخێزاندا، من بەو دایك و باوکانە دەڵێم دەبێت لەئاییندەدا خۆتان باجی ئەو هەڵانە بدەنەوە و شان بدەنە بەر گرفتەکانی چونکە ئەگەر کەسێکی رۆشنبیر و هۆشمەند نین بۆچی بیر لەدروستکردنی منداڵ دەکەنەوە، لەگەڵ ئەوەشدا گوێنادرێت بە رێژەی منداڵ، گرنگ ئەوەیە ئەو خێزانە خاوەنی منداڵ بێ. لێرەدا هۆشیاری رۆڵێکی سەرەکی دەبینێت و پێویستە بەردەوام لەسەر ئەم جۆرە تەوەرانە قسەی زیاتر بکرێت تا خێزانەکان بەگشتی و دایك وباوك بەتایبەتی بە ئاگابن لەهەڵە پەروەردەییەکانی خۆیان.

(حەمەی ئەحمەد رەسول)ی توێژەری کۆمەڵایەتی سەبارەت بە تەوەرەکەمان بەم جۆرە باسی لە کاریگەرییە نێگەتیڤییەکانی لێدان کرد: سەرەتا ئەوە گرنگە کە هەموو دایك و باوکانێك بیزانن کە دەبێت لێدان و ئازاردانی جەستەیی منداڵ دوا شێوازی سزادان بێت ئەویش لەکات و لەهەڵوێستی شیاوی خۆیدا، بۆ وێنە کاتیك منداڵێك ترسی ئەوەی نییە(یان فێرنەکراوە) کە رادەکاتە سەرشەقام و دەچێتە بەردەمی ئۆتۆمبێلێك، ئەمە مەترسیدارە، دەبێت شێوازی سزادانەکە بەو شێوەیە بێت کە منداڵەکە ئیدی لەوەو پاش چۆن رەفتار بکات، نەك لێدانەکە بۆ ئەوە بێت کە منداڵەکە ئاگادار بکاتەوە کە نابێت چی ئەنجام بدات، بەو مانایەی منداڵ فێربکرێت و فامی ئەوە بکاتەوە ئەو کارەی کردی هەڵەبوو، بتوانێت هەڵە لەراست جیا بکاتەوە، لە هەندێك رەفتار بترسێنرێت، بۆ وێنە لێدان بتوانێت سزایەك بێت لەوەی بترسێ کە لەسەربانەوە خۆی هەڵنەداتە خوارەوە، یان یاری بە ئاگر نەکات و خۆی فڕێ نەداتە نێو حەوزی ئاوەوە، یان چەقۆ بەکارنەهێنێت و نەیکات بە سکی براکەی یان خوشکەکەیدا...!!

لەتیۆریە پەروەردەییە نوێکانی رۆژئاوادا، ئاماژە بۆلێدانی منداڵ کراوە ( لەوپەڕی ناچاری و پێویستیدا) منداڵ فێرکردن، قسە کردن لەگەڵ منداڵدا وەکو گەورەیەك و ئامۆژگاری کردنی (کە دواجار فێری ئاخاوتن و دیالۆگ بکرێت) بەپلەی یەکەم دادەنرێت، هەروەها سزادانی دیکە هەیە، وەکو راوەستاندنی لەسوچێکی ژووردا بۆماوەی چەند خولەکێك، پێنەدانی ژەمێکی خواردن، بەندکردنی لەژوورەکەی خۆیدا بۆ ماوەی چەند کاژێرێك، چاو لێسوورکردنەوەی بە مەرجێك شەرمی لەدایك و باوکی نەشکابێ.ئەمە بەگشتی بۆچوون و بیروڕای کۆمەڵناسان و دەروونناسانی رۆژئاوایە لەسەر پەروەردەکردنی منداڵ و لێنەدانی، بەڵام لای خۆمان لە کۆمەڵگەی کوردیدا، لێدان وەکو ئازاردانی جەستەیی و جنێو پێدان وەکو ئازاردانی دەروونی بە گرنگترین شێوازەکانی سزادانی خێزانی کوردی دادەنرێت، لێدان، ماك و کاریگەری خراپ بەسەر دەروون و هزری بیرکردنەوەو رەفتار نواندنی منداڵدا جێدەهێڵێت، منداڵ تووشی شکاندنەوە دەکات، ئیرادە و هێز و متمانەی لێدەسێنێتەوە، رق و بوغز لەشوێنی خۆشەویستی دادەنێت، فشارێکی دەروونی لای دروست دەبێت و فێری بەکارهێنانی دەست و لێدان دەبێت (وەکو یاسای کاروکاردانەوە) منداڵ فێری هیچ شتێکی باش ناکات، خووی پێوە دەگرێت و دەیکات بە ژەمی رۆژانەی خۆی، منداڵ بە لێدان چاو قایمتر و کەللەرەقتر و لاسارو چەتونتر دەبێت، فێری توندوتیژی و تۆڵە سەندنەوە دەبێت، نەرمونیانی و لێبوردن و لێخۆش بوون ناکاتە شێوازی ژیانی خۆی.

بنەما پەروەردەییەکان بەگشتی لەخێزانی کوردیدا کەمتر بەرچاو دەکەوێت، هەر خێزانەش لەسەر جۆرێك لەو بنەمایانە کار دەکات، بەڵام دەتوانین ئاماژە بەوە بکەین ئەگەر چەمکی لێدان وەك بوارێکی پەروەردە لەخێزاندا پەیڕەو بکرێت دەبێت چاوەڕێی هیچ ئاییندەیەکی گەش نەبین چونکە لێدان بەهەموو شێوەیەك ناتوانێت لایەنی باش دەستەبەر بکات، لێدان وەك قورسترین سزا بەکاردێت تا دەگاتە ئەوەی کە داخ کردن بە جەستەی منداڵەکەوە بەجێ بهێڵرێت. کەئەمەش ئەوپەڕی ئاستی نزمی و دەربرینی توڕەیی و زاڵ نەبوونی دایك و باوکی خێزانی ئەم کۆمەڵگەیە دەگرێتەوە، دەکرێت دایك وباوك هۆشیارتربن لەسەر لایەنە جیاوازەکانی پەروەردەو هەوڵبدەن زانیاری زیاتر لەو بارەوە وەربگرن تا نەوەیەکی باش پەروەردە بکەن.

**توێژەرێکی کۆمەڵایەتی: لێدان، منداڵ لاسارو کەللە رەقتر دەکات، فێری توندوتیژی و تۆڵە سەندنەوە دەبێ، ماک و کاریگەری خراپ بەسەر دەروون و هزر و هەڵسوکەوتیدا جێدەهێڵێ**

**کاریگەرییە خراپەکانی ئەو حاڵەتە بە زۆری لە باخچەی ساوایان و لەکاتی تێکەڵ بوونی منداڵاندا هەستی پێدەکرێت**

**جارێکیان لەسەر رشتنی پەرداخە ئاوێک وا لەمنداڵەکەیدا دەستێکی شکاو دوای چەندین نەشتەرگەری هێشتا چاک نەبۆتەوە!**

# ساختەکاری بەشێکی زۆری کێشەکانی ئەمڕۆی دادگا پێکدەهێنێت

ساختەکاری و فێڵ (احتیال)، تاوانێکن کە زیان بە بەرژەوەندی تاك و کۆمەڵگەش دەگەیەنێ، بۆیە یاسا دانەر سزای توندی بۆ داناوە ئەوەش لەسەرێکەوە پاراستنی تەواوی کۆمەڵگە و رژێم و سیستەمە سیاسییە ئابوورییەکەی دەوڵەتە، هەرکاتێکیش یاسا سەروەر بوو، بەتەواوەتی جێبەجێ کراو و جیاوازی لەنێوان هەژارو



دەوڵەمەند نەکرا، ئەوسا ئەم جۆرە کردەوەو تاوانانە سنووردارو کەم دەبن، بەپێچەوانەشەوە زۆر دەبن، ئەگەر ئێستا سەیری جۆری دادگایکردنەکانی نێو دادگاکانی هەرێم بکەین دەبینین بەدەیان کێشەی لەو جۆرە رۆژانە دەبینرێت، بۆیە لەبەر بوونی ئەو جۆرە کێشەو تاوانانە بە باشمان زانی ئەم بابەتە تاوتوێی بکەین...

پارێزەرێک: دانانی کۆمپانیای بێ مۆڵەت و نارەسمی هۆکاری بەشێکی زۆری ساختەکارییەکانە

### حکومدان بەشەش مانگ بەنکردن

لەیەکێ لەدادگایی کردنەکانی دادگایەکی (کەتن) لەهەولێر تۆمەتبار (ح،م) بەهۆی کاری ساختەییەوە کە سێ هاووڵاتی دەستخەڕۆکردبوو، دوای چەندین دانیشتن، لەدواجار دادگا لەدواییین دادگایکردنی خۆیدا پاش ئەوەی بۆی دەرکەوت کە تۆمەتباری ناوبراو تاوانەکەی لەسەر ساغ بۆتەوە، بڕیاریدا (شەش) مانگ حکوم بدرێ، پوختەی کێشەکەش بەم شەوەیە بوو، تۆمەتبار (ح،م) لەگەڵ کەسێکی دیکە، خەریکی مامەڵەکردنی کڕین و فرۆشتنی ئۆتۆمبێل دەبن دوای ئەوەی ئۆتۆمبیلەکەی لێ وەردەگرن بەو هیوایەی بۆ بەیانی پارەکەی بدەنێ، ئەوان هەر هەمان رۆژ دەیفرۆشنە یەکێکی تر و نیوەی پارەکە دەدەن و نیوەکەی تریش ئەمڕۆو سبەی پێدەکەن، ناچار کابراش سکاڵایان لەسەری تۆمار دەکات و فەرمانی دەستگیرکردنیان بۆ دەردەچێ پاش چەند رۆژ دەستگیرکردنیان، ئەو کەسەی کە بەهاوبەشی لەگەڵ (ح،م) ئۆتۆمبیلەکەی کڕی بوو، بەشە پارەی خۆی دەداتە خاوەنەکەی و ئەویش لە سکاڵای خۆی خۆش دەبێت، بەڵام (ح،م) بەبیانووی ئەوەی کەپارەی نییەو دەبێ ماوەیەك لەسەری رابوەستێ تا پەیدای دەکات، خۆی لەپارەدانەکە دەدزێتەوە، ئیتر دوای مانەوەی لەبەندیخانە دواجار دادگا بڕیاری حوکمدانی بۆ دەردەکات.

### هۆکارەکانی زۆربوونی حاڵەتی ساختەکاری

ساختەکاری و فێڵ و تەڵەکەبازی، حاڵەتی جۆراوجۆری

ئا: دڵگەش مزووری

هەیە و بەو پێیەش هۆکارەکانیش جۆراوجۆرن، هەندێ لەو هۆکارانە دەگەڕێتەوە بۆ سروشتی کارەکان، بۆ نموونە دانانی کۆمپانیای بێ مۆڵەت، هەروەك پارێزەر (فەرهاد حەیدەر قەساب) روونیدەکاتەوە و دەڵێ: ئەمڕۆ کەسانێك هەن بەناوی کۆمپانیاوە خەڵك هەڵدەخەڵەتێنن و دەڵێت فلانە کار دەکەین بەوەندە پارەیە، لەکاتێکدا ئەنجامدانی ئەو جۆرە کارانە بەو بڕە پارەیە کە ئەوان دەیڵێن مەحاڵە بکرێت، یان کۆمپانیا هەیە دەڵێ :لەماوەی ساڵێك یان دوان خانووت بۆ دروست دەکەین لەبەرامبەر ئەوەندە پارەیە، بەو مەرجەی سەرەتا ئەو بڕە پارەیە بدەی، کە خەڵکەکەش پارەکە دەدەن، ئیدی ئەوان نە بەڵێنەکەی خۆیان دەبەنە سەر نەپارەی خەڵکەکەش دەدەنەوە، من پێموایە ئەو جۆرە کەسانە ئەگەر بەتووندی بەرپەرچ نەدرێنەوە، ئەوا کەسانی تریش چاو لەوانە دەکەن و فێڵ لە خەڵك دەکەن، هۆکارێکی دیکە نەبوونی چاودێرییەکی کاراو کاریگەرە لەسەر شێوەکانی بازرگانی، هۆکارێکی تر شێوەی داوا تۆمارکردن و سکاڵا بۆ خاوەن ماف، کارێکی تاقەت پڕۆکێن و بەزەحمەتە هەروەها یاساش سزایەکی تووندو چاو ترسێنی بۆ ئەو جۆرە تاوانانە دانەناوە تاوەکو کاتێك کەسانی ساختەکار سزا دەدرێن، بکرێن بە پەندو عیبرت بۆ کەسانی دی.

کارمەندێکی دادگاش کە نێوی (فەرمان عەزیز)ە لەو بڕوایە دابوو ئەمڕۆ مامەڵە داراییەکان هێندە زۆر بوونە دەرفەتی فێڵ و لە خشتەبردنی خەڵکیش بۆتە شتێکی ئاسان، کابرای خاوەن ماف کە پارەکەی دەکەوێتە لای کەسێك کە دەستاودەستی پێدەکات و نایداتەوە وادەزانێ ئەگەر سکاڵای بەدزی تۆمارکرد دەموودەست پارەکەی خۆی وەردەگرێتەوە کەچی کە دێتە دادگا ماوەیەکی زۆری پێدەچێ تا بە مافەکەی خۆی دەگاتەوە، ئەمەش وا لەو خەڵکانە دەکات یا بە شێوەی کەسی مامەڵە لەگەڵ مەسەلەکە بکات یانیش لەبەشێکی پارەکەی خۆی خۆش بێت، لەپێناو ئەوەی بەشەکەی تری نەسووتێت.

## ساختەکاری و فڕوفێڵ لەڕووی یاساییەوە چییە

مەرج نییە هەموو جۆرە مامەڵەیەك کە جۆرێك لە کێشەی تێدا سەر هەڵبدات بە ساختەکاری دابنرێت و یاسا سزای کەسەکە بدات کە بکەری ئەو کارەیە، بەڵکو یاسا زۆر بەوردی ئەم مەسەلەیەی دیاریکردووە، بۆ ئەوەی کاری ئاسایی لەهی نا ئاسایی و تاوان جیابکرێتەوە و رێ لە کەسانی تاوانکاریش بگرێت کە دەستدرێژی نەکەنە سەر مافی خەڵکی و ئاسایش و ئارامی کۆمەڵگەش نەشێوێنن، بۆ ئەوەی بزانین یاسا چۆن پێناسەی فێڵ و ساختەی کردووە سزای ئەو جۆرە تاوانە چییە، بە باشمان زانی سەردانی بەڕێز دادوەر(موسلیح گەیلانی) بکەین کە ئەندامی دادگای تێهەڵچوونەوەی هەولێرە.

بەڕێزیان بەم شێوەیە بۆی روونکردینەوەو گوتی: فێڵ و ساختەکاری (أحتیال) ئەو جۆرە کردەوەیەیە یا تاوانەیە کە بەمەبەستی وەدەستکەوتنی شتێکی گوازراو (مال منقول) یا گواستنەوەی ئەو شتە بەرێگایەکی ساختەکاری بۆ کەسانێکی تر ئەنجام دەدرێت، ئەم کارەش دیارە بەهۆی تەڵەکە بازییەکەوە یان بەهۆی بەکارهێنانی ناوێکی نادروست یان ناو لەخۆنانێکی ناڕاست و وەهمین یا ناو لەخۆنانی ناوی کەسێکی باوەڕپێکراو کەببێتە هۆی باوەڕپێکردنی کەسانی دی، یان وایان لێبکات کەل و پەل و پارەو پولیان پێبدەن.

ساختەکاری (أحتیال) جۆرێکە لە جۆرەکانی تاوان و یاسای سزای کار پێکراوی ئێستا لەژمارەی(١١١)ی ساڵی ١٩٦٩ بە پێی هەردوو مادەی (٤٥٦،٤٥٧) ی سزادان حاڵەتەکانی ساختەکاری و فێڵی چارەسەر کردووە، دادگای (کەتن)یش دادگای تایبەتمەندە بۆ دادگاییکردنی تاوانباران و سزاکەشی بۆ زیاتر لەسێ مانگ تاوەکو پێنج ساڵ دیاریکردووە، دادوەری تایبەتمەند بۆی هەیە بەپێی جۆرو چۆنییەتی ئەنجامدانی تاوانەکە لەنێوان ئەو دوو مادەیەی سەرەوەدا سزاکە بسەپێنێ و بۆشی هەیە کە سکاڵاکار لەسکاڵای خۆی خۆش بێت، سزاکە بکات بە پێ بژاردن و بڕی پێ بژاردنەکەش لەنێوان(٤٥-٢٢٥) هەزار دینار دەبێ، سەبارەت بە شێوەکانی ئەنجامدانی ئەم تاوانەش، دەتوانن بڵێن کە بەدەیان شێوە ئەنجام دەدرێت و رۆژانەش شێوازی تازە بەکار دەهێنرێت، بەشێوەیەکی گشتی جگە لە شێوازی سادەی ساختەکاری کەوا لەنێوان دوو کەس ئەنجام دەدرێت ئەمڕۆ هەندێ لەبانکە ئەهلییەکان و کۆمپانیا وەهمیەکانی ناوەوەو بیانی و هێڵ و کۆمپانیاکانی مۆبایل و تۆڕەکانی ئینتەرنێت گەورەترین و مەزنترین کاری ساختە ئەنجام دەدەن کە بەهەموو پێوەرێك شێوەیەکن لەشێوەکانی تاوانی (أحتیال) بۆ نموونە کاتێك هێڵێکی مۆبایل بەنامە(مەسج) داوا لەبەشداربووان دەکات ژمارەیەکی تایبەت داوابکات بەبێ ئەوەی پێی بوترێ داواکردنی ئەو ژمارەیە دەبێتە هۆی بە فیڕۆدانی چەند سەنتێك، ئەمە رێك و رەوان دەچێتە خانەی ساختەکاری و (أحتیال)، بەڵام ئەو پرسیارەی کە زۆر پێویست و گرنگە لێرەدا بکرێت ئەوەیە ئایا یاساکە کەم و کورتی تێدایە؟ لەوەڵامدا دەڵێین: بەڵێ هەندێ مادەی یاسایی پێویستیان بە گۆڕانکاری هەیە بۆ پڕکردنەوەی ئەو کەلێنانەی کەوا بەهۆی پەیدابوونی تەکنەلۆژیای تازە کاری ساختەی بەهۆیەوە پێ ئەنجام دەدرێت، بەڵام لێرەدا دەبێ ئاماژە بە بەرپرسیارێتی دەسەڵاتی جێبەجێکردنیش بکەین، چونکە کاتێك کۆمپانیایەکی بیانی کاری ساختە ئەنجام دەدات و قۆڵی خەڵك دەبڕێت دەرفەت وەرنەگرتنی زەمانەتێك دەقۆزنەوە پێویستە ئەو دەسەڵاتەش کاری پێویست لەگەڵ ئەو کۆمپانیایانە ئەنجام بدات، بۆیە دەبێ دەسەڵاتی جێبەجێکردن لەرێگای وەزارەتی پەیوەندیدارەوە راستەوخۆ سەرپەرشتی و چاودێری کاری کۆمپانییاکان بکەن و لەنزیکەوە ئاگاداری کارەکانیان بن، بەداخەوە لەوڵاتی ئێمە کاتێك بەرپرسێکی حکومی هەڵدەستێت بەکردنەوەی پرۆژەیەکی تایبەت خەڵکی سادەی ئێمە وا تێدەگات ئیدی تەواو ئەم پرۆژەیە متمانەی دەسەڵاتی پێدرا، واتە فێڵی لێناکرێت دوایین پەیڤە لێرە سەبارەت بەو باسە ئەوەیە کە پێوەستە مافی تاك لەلایەن دەسەڵاتەوە بەهەموو قەناعەت و بڕوایەکەوە بەپێی هێزی یاسا داکۆکی لێبکرێت بۆئەوەی تاکی ئێمەش ئینتمای بۆ ئەم وڵات و گەلە هەبێت و متمانەیەکی راستەقینەش لەنێوان تاك و دەسەڵات دروست بێت.

**نەبوونی سزای تووندو چاودێری کارا هەمدیس کاریگەریان لەسەر زۆر بوونی ساختەکاری هەیە**

**دادوەر موسلیح گەیلانی: سزای کەسی ساختەکار لەنێوان سێ مانگ تا پێنج ساڵ دایە زیندان کردنە**

# کوتانی جەستە... جوانی لەدوایە یان پەشیمانی

***گەر ئاوڕێك لە مێژووی خۆكوتان بدەینەوە دەبینین، پێش سەدان ساڵ گەلانی كۆن ناسیویانەو بۆ چەند مەبەستێك بەكاریان هێناوە، وەكو هێمای ئایینی و هەندێ جاریش دژی چاوپیسی و جادوو بەكاریان هێناوە، میسرییە كۆنەكانیش پێش چوار هەزار ساڵ وەكو جوانكاری و بۆ رازاندنەوەی جەستەیان پەیڕەویان كردووە، بەتایبەتی ئافرەتانیان.***

***كۆمەڵگەی ئێمەش لە كۆنەوە ئەم دیاردەیەتێدا بینراوە، ئەگەرچی لە رۆژگاری ئەمڕۆدا بەرێژەیەكی بەرچاو كەم بۆتەوە، ئەمەش دەگەڕێتەوە بۆ وشیاری كۆمەڵگەو بەرزبوونەوەی ئاستی رۆشنبیری تاكەكان، بەتایبەت لای توێژی گەنجان، لەم رووەوە سەرەتا چەند گەنجێكمان هێنایە ئاخاوتن كە جەستەی خۆیان كوتابوو.***



**زۆربەی ئەوانەی جەستەی خۆیان دەكوتن خەڵكی دەورووبەری شارەكانن و تەمەنیان لە نێوان(١٤-٢٥) ساڵیدایە**

**زۆر پەشیمانم چونكە ئەمڕۆ خەڵكی بە چاوێكی سەیر تەماشام دەكەن بۆیە بە دوای چارەسەریدا دەگەڕێم**

(كاردۆخ سەدیق)ی (٢٤) ساڵ، كە ئەركی مامۆستایەتی بە جێدەگەیەنێت گوتی: سەرەتا وامدەزانی جوانییەك دەبەخشێت بە لەش، بەڵام لە راستیدا هیچ جوانییەك بە لەش نابەخشێت، جگە لە تێكدانی نەبێت، هەروەها خەڵكی بە چاوێكی تر سەیری ئەم كەسە دەكەن، ئەمە جگە لەوەی لەكاتی كوتانەكەدا هەستم بە ئازارێكی زۆر دەكرد، بەڵام تازە پەشیمانی سوودی نییە تەنیا ئەوەندە دەڵێم داواكارم هیچ كەسێ پەنا بۆ ئەو كارە نارێكە نەبات، چونكە لە دواییدا زۆر پەشیمان دەبێتەوە.

هەروەها (شاڵاو مەنسوور)ی تەمەن بیست و سێ ساڵان كە سنگ و دەستیشی كوتاوە دەڵێ: من لە تەمەنی پازدە ساڵیدا خۆم كوتاوە، چونكە پێموابوو كەسایەتیم دەگۆڕێ لە دیدی خەڵكییەوە، بە چاوێكی گرنگ سەیرم دەكەن، هەرچەندە دەمزانی كە ئازاری زۆری هەیە، بەڵام هەر خۆم كوتاو ئێستاش بە كارێكی منداڵانەی دەزانم و زۆریش لێی پەشیمانم، زۆر بەدوای چارەسەریشدا گەڕاوم بۆ لابردنی، چونكە خەڵكی بە چاوێكی كەمەوە یان سووكەوە تەماشای ئەو كارە دەكەن و لە كەسایەتیشت كەم دەكاتەوە.

(عامر سەلاح)ی تەمەن (٢٦)ساڵەش، كە باڵا بەرزو پێستێكی رەنگ گەنمی هەیە لەسەر بازووی وێنەی دڵێك و پیتێكی ئینگلیزی دروستكردبوو، پێی وایە ئەوە رۆژێك لە رۆژان مانایەكی گەورەی هەبووە بۆ ئەو و دەڵێ: لەبەر گرنگی ماناكەی بۆمن لەكاتی كوتاندا هەستم بە ئازار نەدەكرد، هەروەها لە لووتكەی گەنجێتیدا بووم، بەڵام ئێستاش زۆرم پێناخۆشە كە خۆم كوتاوە، بەڵام چی بكەم تازە كارەكەم

ئا: دلگەش مزوری

کردووە، هەروەها (عامر) دەڵێ: کوتانەکەی ئەو باشترە لە چاو ئەوانەی کە دەموچاو یان دەست و قاچی خۆیان کوتاوە، چونکە بە پۆشینی جلوبەرگ دیار نامێنێ.

(ئەمیر قادر)یش تەمەنی (٢٩) ساڵانەو دووکاندارە لە ناو بازاڕی شاری هەولێر، ماوەیەك كاری كوتانی كردووەو بە گوتەی خۆی دوو ساڵە دەستی لەو كارە هەڵگرتووە، ئەوەش بەهۆی ئەوەی لە ئاییندا ئەو كارە حەرامە خەڵکیش بە چاوێکی سووکەوە سەیری دەکات. پرسیارمان لە(ئەمیر) کرد ئەوانەی لای ئەو خۆیان کوتاوە بەگشتی لە چی تەمەنێکن و خەڵکی چ ناوچەیەکن؟

گوتی: بە زۆری لە تەمەنی نێوان (١٤-٢٥) ساڵیدا دەبوون هەروەها هەندێکیان خەڵکی ناوشار بوون، یانیش دەرەوەی شار واتە دەشتی هەولێر بوون. هەروەها(ئەمیر) دەربارەی ئەو کەلوپەلانەی لە کاری کوتاندا بەکاردەهێنرێن گوتی: لە وڵاتانی دەرەوە ئامێری پێشکەوتوو و تایبەت بەو کارە هەیەو کەسی تایبەتیشیان بۆ ئەو کارە هەیە، بەڵام لای خۆمان کارەکە زۆر سادەیەو ئەوەی پێویستە بریتییە لە (دەرزی، شیری ئاژەڵ لەگەڵ سۆدە) شیرو سۆدەکە تێکەڵ دەکرێ پاشان لەسەر پێست دادەنرێ بەشێوەی پێویست و بە دەرزی لەو شوێنە دەدرێ تا خوێنی لێ دێ، پاش چاکبوونەوەی برین وێنەکە دەردەکەوێ.

هەروەها لەبارەی ئەوانەی جەستەی خۆان دەکوتن(سامان حوسێن) قوتابی تەمەن (٢٤) ساڵ گوتی: ئەوانەی جەستەی خۆیان دەکوتن دەبێ دوایی هەر پەشیمان ببنەوە، چونکە بمانەوێ و نەمانەوێ کۆمەڵگەی خۆمان قبوولی ئەو شتە ناکات و بە ناپەسەندی دەزانێت، ئەوانەی کە خۆیان کوتاوە لەوانەیە بە کارێکی جوانیان زانیبێ، بەڵام ئێستا ئەوانیش هەست دەکەن کە کارێکی جوان نییەو جەستەشیانی ناشیرین کردووە.

هەروەها (هێلین سەعید)ی (٢٥)ساڵ کە ئەویش قوتابی بوو گوتی: لەگەڵ ئەوەدانیم مرۆڤ دەستکاری جەستەی خۆی بکات، نەخاسمە بەهۆی کوتینەوە، چونکە کوتان جەستە ناشیرین دەکات نەك جوان، کۆمەڵگەش بە چاوێکی کەمەوە سەیری ئەو کەسانە دەکات کە جەستەی خۆیان کوتاوە.

هەروەها قوتابی (لاڤە ئیسماعیل)یش هەمان رای (هێلین)ی هەبوو کاتێك گوتی: با لەجیاتی خۆکوتان شتی دیکە بەکاربهێنن بۆ جوانکاری، چونکە ئەو شێوە خۆکوتانەی خەڵکی ئێمە لەش ناشیرین دەکات و کۆمەڵگەش پەسەندی ناکات، لەوانەیە لەرووی تەندروستیشەوە لە داهاتوودا تووشی گرفتی بکات.

(دیار شکور)ی رۆژنامەنووسیش لەوبارەیەوە گوتی: زیاتر چینی گەنج ئەو کارە ئەنجا دەدەن، بەڵام ئەوانەی خۆیان کوتاوە دڵنیام ئێستا پەشیمانن، بە حوکمی ئەوەی لە رووی ئایین و کۆمەڵگەوە رێگەی پێنادرێ.

هۆکارەکانی ئەو دیاردەیە چین؟

- کارێکی لەو جۆرە لە رۆژگاری ئەمڕۆدا تا چەندە پەسەندە لەلایەن کۆمەڵگەوە؟

لەو بارەیەوە(د. ئیبراهیم لاوەند) مامۆستای دەروونزانی کۆمەڵایەتی گوتی: دیاردەی کوتانی جەستە زۆر کۆنە هەر هەبووەو دەگەڕێتەوە بۆ سەردەمی فیرعەونییەکانی میسرو هەروەها هیندییەکانیش لە کۆنەوە کاری کوتانیان کردووە.

هۆکاری ئەم دیاردەیەش لە رۆژگاری ئەمڕۆدا بۆ خودی تاك دەگەڕێتەوە، تاك هەیە بەهۆی چاولێکەرییەوە دەبینێ هاوڕێکەی یان کەسێکی نزیکی شوێنێکی جەستەی خۆی کوتیوە کە ئەمەش دەبێتە هۆکاری رێخۆشکردن یاخود بە شتێکی جوانی دەزانێ، بۆ جوانی خۆی دەکوتێت، یان هەندێکیان بۆ خۆجیاکردنەوە لە خەڵکی ئاسایی، خۆپیشاندان بەوەی جیاوازن لە خەڵك، هەروەها لە لێکۆڵینەوە دەروونییە نوێیەکاندا هاتووە، جۆرە بەستنەوەیەك هەیە لە نێوان خۆ کوتان و تێکچوونی دەروونی و زۆربەی ئەوانەی دەستپێشخەرن بۆ خۆکوتان تووشی گرفتی دەروونی و تێکچوونی رەوشتی هاتوون، جاران کەسانی دەسەڵاتدارو دەوڵەمەندیش خۆیان دەکوتا، بەڵام ئێستا لای خۆمان ئەمڕۆ کۆمەڵگە بە ئایینیشەوە کاری لەم جۆرەی پێ قبوول نییە، بۆیەش زۆر جار کەس هەبووە، کە خۆی کوتاوە دواتر بە دوای چارەسەردا گەڕاوە بۆ لابردنی بە چ بەهایەك بێت.

دواجار پرۆفیسۆری یاریدەدەر د- عومەر پەتی فاکتەرەکانی ئەم کردارەی لە چەند خاڵێك کۆکردەوەو گوتی هۆکارەکان زۆرن بەڵام گرنگترینیان:

- یەکەم دەگەڕێتەوە بۆ چاولێکەری تاکەکانی کۆمەڵ یاخود دەتوانین بڵێین جۆرێکە لە لاسایی کردنەوەی یەکتری، بەشی زۆری لەلای ژن و ئافرەتان ئەنجام دەدرێت، بەڵام لێرەو لەوێ لەلایەن کوڕانی هەرزەکارو لاوانیش تێبینی دەکرێ.

- دووەم هۆکار (جوانی)بووە، هەندێ لە ژنان بە جوانی و خۆڕازاندنەوەیان زانیووە، هەربۆیەشە شوێنە دیارەکانی دەم و چاو سەر دەست و جێگای دیکەی سەرنج راکێشیان کوتاوە!

- دابونەریتی هەندێ لە تیرەو هۆزی کوردەواری زیاتر لە هۆزو تیرەی دیکە پەنایان بردۆتەبەر ئەم کوتینە.

- بۆ دەربڕینی تواناو هێزو خۆڕاگری، لەلای هەندێ لە هەرزەکاران و لاوانی کوڕ، لەوانەی وێنەی (دڵ) یان ناوێکیان دەنووسی دەربڕینێك بووە لە بەهێزی و بە توانایی.

ئێستا لەگەڵ پێشکەوتنی تەکنەلۆژیاو تۆڕی ئەنتەرنێت و بەرەوپێشەوەچوونی هەموو بوارو لایەنەکانی ژیان لەم سەردەمەدا دەست کوتین و دەموچاو کوتین شێوەی دیکەی وەرگرتووە.

بۆ نموونە: ئێستا لەجیاتی کوتین لووت و گوێ (کون) کردن پەیدابووە، تەنانەت ئەو ئامێرانەی ئێستا بەکاری دەهێنن زۆر جیاواز ترە لەگەڵ پێشوو.

**پسپۆڕێکی دەروونزانی: لێکۆڵینەوە دەروونییە نوێیەکان پێیانوایە پەیوەندییەک هەیە لە نێوان خۆکوتان و تێکچوونی دەروونی**



**د- عومەر پەتی: فاکتەرە دیارەکانی ئەو کردارە لاساییکردنەوەو دەربڕینی هێزو توانایە**